

# شێوەکارو وێنەگر (هێـمن حەمیـد)
# ناخێک لە نیشتمانێکی لکندراوو کۆلاژکراو

شێرکو جەلال



خوێنەری خۆشەویست بۆچونەناوئەم بابەتەکە پەیوەنداره بە کارەهونەریەکانی هێمنی شێوەکار و وێنەگر دەمەوێت دووبارەی ئەم ڕستەیەی هونەرمەند بکەمەوە کە لەدانیشتنێکمان لەباکووری وڵاتی فەڕەنسا لەشاری لیل دووپاتی دەکردەوە دەیووت بۆیەکارەکانم زێدەتر خۆیان لە شێوازی لکاندن واتە کۆلاژ دەدۆزنەوە چونکە ئێمەی کورد خاوەنی نیشتمانێکی لەت لەت کراوین خاکەمان لەکارێکی کۆلاژدەچێت

ئەم بۆچونەی هونەرمەند کاردانەوەیەکی دەروونیە لەلایەن خودی هێمن ئەم جۆرەڕەنگدانەوەیەش لە لایەن زۆربەی هونەرمەندان هەریەکەو لەگۆشە نیگای کێشەیەک یان تراجیدیایەک کارەساتێکی سروشتی لەدەست دانی خۆشەویستێک لەڕێگای ڕێژڕەنگی و هێل وپێڕەنگەکانیان رووبی کەڤاڵەکانیان ڕێژڕەنگ دەکەن و هەریەکەیان بابەتووبیرۆکەی تابلۆکانیان بەشێوەی جیاواز دەخەملێنن بۆیە بیرۆکەی شێوازی لکاندن دڵنیام لەکێشەیەکی ڕامیاری لەناخی هونەرمەند لەدایک بووە بۆیە بەشێکی زۆری تابلۆکانی هونەرمەند لەم شێوازە خۆیان دەدۆزنەوە

بێگومان لەڕێگای بەکارهێنانی دڕانی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەو بەکارهێنانی ڕەنگی ئەککخیلیک سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ کۆمەڵێک بابەتی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری وشتی ترکەبەبۆچونی من هونەرمەند خاڵێکی گرینگ دەپێکێت لەتابلۆکانی ئەویش وەدەست دانی ناوەڕۆکی بابەتەکانی بەشێوەیەکی ڕاسە وخۆوبەپەلە بۆ چاووهزری بینەرهاوکاتیش شێوازی کۆلاژبەکارێکی هاودەم دەژمێردرێت تائیمرۆش لەجیهانی هونەری شێوەکاری داکەواتە لێرە هێمن پەیامێکی تریشمان بە گوێچکە دەچرپێنێ ئەویش پەیوەند دارە بەکەسایەتی خودی هونەرمەند لەئاستی بیرکردنەوەیەکی ئونی ڤێرسالیداواتە دووركەوتنەوە لەسپووتی ڕەگەزپەرستی و سیمبۆلیزم کردنی نەتەوە چونکە تابلۆکانی هێمن باس لە کێشە مرۆڤایەتیەکان دەکەن بە شێوەیەکی گشتی لە هەرشوێنێکی ئەم جیهانە کە بوونیان هەبێت کەواتە لێرەدا دەتوانم بێژم ئەگەر چی هێمن بە ڕەگەز کوردە بەڵام لە نمایشی کارەهونەریەکانی دا بە یەک بیرۆکە لە دهۆک و سلێمانی و هەولێرو فەڕەنسا نمایش دەکات کەواتە شوێن ومرۆڤە جیاوازەکان گۆڕانکاری بە سەر هونەرەکەی هێمن داناهێنن ئەو بەیەک چاو لە کێشەکان دەڕوانێت بەهاو نرخی مرۆڤەکانیش یەک سان دەبینێت هەربۆیەش هونەر گەرەکە لە خزمەتی مرۆڤایەتی ڕۆڵی ئەکتیفی خۆی بلێزێت بەدوای ڕاستی ڕووداوەکانی مرۆڤایەتی دابگەڕێتوو پەردەیان لەسەر هەڵبداتەوەواتە خاڵەکانی ڕاست گۆیی بپێکێت ئەگەرچی هونەرمەند بەتەمەن گەنجە و لەمێژ نیە هاتۆتە سەر سێنی نمایش کردنی کارەکانی بەڵام ماندوبوونو وبەردەوامی کاری پێوەدیارە ئەمەش گەواهیەکن کە هێمن بە ئەشقەوەلە هونەرنەزیک بۆتەوە. لەبواری بەکارهێنانی مەتەریەلە هونەریەکان



ئازادی بەکارهێنان و بوێرانەی پیشان دانی بابەتەکان گەواهیکی تری ڕاست گۆیی هێمننن لە کاری هونەری دابەتایبەتیش بابەتی ڕامیاری و خەسڵەتی چەواشەکاری و گەندەڵی لە هەرشوێنێک داهەبن هونەرمەند کۆششی کردووە بیخاتە بەر دیدی تەماشاڤان کەواتە لێرە دەکرێت بڵێم تەنها بۆ هونەرمەندان هۆشیاری هونەری و ئافراندن بەس نابێت بۆ هونەرمەندان کەبتوانن لە پڕۆسێسە هونەریەکانیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن بەڵکو هونەرمەندان ئەم کاتە لە کۆنسێپتە هونەریەکانیان سەرکەوتن بەدەست دەهێنن کە بێجگە لە تەکنیکی هونەریی و بەکارهێنانی ماتەریەلە هونەریەکان وجوان زانی و مەرجەکانی تری هونەری دەبێت لایەنی ڕاست گۆیی و بوێری لە بابەتوو داڕێشتنی بیرۆکەکانیان بەم لاوەنەنێن یان هونەرەکەیان نەخزێنە ناو سنورەکانی پاراستنی تاکە کەسی و بەرژەوەندی خۆیان





ئەگینا هونەرەکەیان هونەرێکی کاتی دەبێتوو وە زۆر زووش هێمایان چی وەک هونەرمەند یان نمونەی تابلۆی هونەری بزر دەبێت لەبەرچاوی بینەرانیان هیچ خاڵێکی هونەریش بۆ خۆیان و تابلۆکانیان تۆمار ناکەن لەمێژووی ئەم بەشەی هونەردا کەواتە تەکنیکی بەهێز بەبێ بابەتی بێ ناوەڕۆک بەبێ ڕاست گۆیی و بوێری گوزارشتە لە کۆمەڵگاناکەن و گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگا بەرپاناکەن هەمان کات بە بەرهەمی خاوەن هەڵوێست دەست نیشان ناکرێن بۆیە بەدیدەنی تابلۆکانی هێمن ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە هونەرهەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگەیە گرێدانێکی ڕاستەو خۆی بە مرۆڤەکانەوەهەیە کەواتە ژیان بەبێ هونەر هیچ باهایەکی نامێنێ و گشت جوانیەکانی لەدەست دەدات بۆیە دەمەوێت لێرە بڵێم کۆنسێپتوو پرۆژەهونەریەکان گەرەکە ڕۆڵی سەرکردە لە هونەرببینن بەمەرجێک سەرکردەیەک بێت لەجوان زانی لەدادوەری پیشان دان لەجوانی سەرکردایەتی لەیەکسانی کۆمەڵایەتی بەپێچەوانەی ئەم سەرکردەیەی کە هونەرو هونەرمەندان لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان بەکار دەهێنن و هەرکاتێکیشس بیانەوێت لەلوتکەوە بۆ ژێر خاکیان دەبەن و هەرەس بە کەسایەتی و هونەرەکەیان دەهێنن کەواتە هونەر دەبێت بە پێچەوانەی ئەم پادشایەتیە بێت کە زیندانێک بۆ هونەروو ئەدەب وەبەردەهێنن پڕ بێت لەتۆقاندنوو سانسۆر کە لەئاکام هونەرێک بەرهەم بهێنن دووربێت لە ڕاستی ژیانی کۆمەڵگاکەو پڕ بێت لە چەواشەکاری وشێواندنی نرخی هونەرو ئەدەب. گەلۆ هونەرمەند لەبواری ڕەنگ ڕێژی دا لەنێوانی دوو بوار خۆی دەدۆزیتەوە لایەنی یەکەمیان دەرونیە کە هێندێ جارە لەرێگای ڕەنگە روناکەکان دەری دەخات هێندێ جارەش لە ڕیگای پەلەڕەنگە ڕەشەکان دەری دەخات بێگومان ئەم بوارە لە ڕەنگ ڕێژی لەلایەنی گشت هونەرمەندان دەگەڕێنەوەبۆ ژیانووژیاری ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا گەورەدەبن لەخۆشی و لەناخۆشیەکان کە لەئاکام ڕەنگدانەوەیان لەناوبەر هەمە هونەریەکان دا دەبێت بەتایبەتیش ژیانی زارۆکی هەرهونەرمەندێک ڕۆڵی تایبەتی خۆی دەخاتە سەر بەرهەمەکان بەڵام گۆڕانکاری بەپەلەو چاوەڕوان نەکراو لەکاری هونەری هەر هونەرمەندێک گرێدراوی بەبواری سایکۆلۆجی هونەرمەندانەوەهەیە بەتایبەتیش لەبواری ڕەنگی تۆخ یان کاڵبونەوەیان رونتر ئەگەر ئەم کاڵبونەوەیە لەپێناوی رازی کردنی دڵی گالەریەکان بێت واتە هونەرەکە

ڕێچکە ڕاستیەکەی خۆی دەدۆزێنی تەنها هونەرێک دەبێت لەپێناوی رازی کردنوو فرۆتنی تابلۆو ئارامکردنەوەی دڵی کڕیارانی بەرهەمەکان یان دەبنە بەشێک لە دیکۆراسیۆنی چاوی بورژواکان. بەڵام ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا لەتابلۆکانی هێمن بەتایبەتیش لەبواری تاریکی و روناکی بە سپوتێکی سروشتی هونەرمەندم زانی چونکە بەگشتی ڕەنگەکانی هونەرمەند بێ هەتاویان پێوەدیارە ئەگەرچی ئەو لەوڵاتی هەتاو هاتۆتە دونیاوە ئالێرەوە ڕاستی هەردوو بواری دەروونی و سایکۆلۆجی هونەرمەند دەست نیشان دەکات چونکە هونەرمەندپلەدارکردنی ڕەنگەکان بەخواستی دڵی خۆی دەگۆڕێت نەوەک لەپێناوی مەرامێکی شاراوەدابۆ وێنە ڕەنگەکانی هێن خۆیان لەم ڕەنگانە دەدۆزنەوە ڕەش سپی ڕەساسی قاوەیی پلەدارکردنی واتە ڕەنگی زەرد یان شین زۆرکەم بەرچاو دەکەون بۆیە لەبواری دەروونی دا هونەرمەند کەمتر قسەدەکات لەوەی کە زیاتر دەیەوێت لەڕێگای ڕەنگەوە هەستی مرۆڤانەی خۆی بوروژێنێ بۆیە واپێدەچێت لەدواوەی هەر بێدەنگێکی زۆر بەرهەمێکی زۆری هونەریش لەدایک دە بن. هێمن بەیارمەتی پەڕەرۆژنامەی دڕاوکۆمەڵێک بابەتی پڕ لەمانامان دەخاتە پێش چاوکەگوزارشت دەکەن لە گۆڕانکاریە رامیاریە بە پەلەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەگەر چی هێندێ جارەش پۆرترێتێک بەهەمان شێوە بەشێوازی کۆلاژئەنجام دەدات. گەلۆ واپێ دەچێت هونەرمەند لەدواوەی تەمەنێکی سی و چوار ساڵی دابە بەردەوامی کۆمەڵێک لە بابەتی شاراوەمان بخاتە بەرچاو کە ڕاستەو خۆ گرێدراون بە ژیانی خودی هێمن. ئەگەر تیشک بخەینە سەر کاری وێنە گرتن واتە فۆتۆگراف ئەم هونەرەی کە بەدوای جوانزانی دادەگەرێت واتە جوانی سروشت بەهەردوو لایەنی زیندوو کپیەوە کە ئیمڕۆ لەجیهان زۆرگرینگی پێ دەدرێت لەبواری تەکنیک بەتایبەت روناکی و تاریکی کەدەبنە هۆی گۆڕانکاری و فانتازی بەسەر وێنەکاند بەتایبەتیش لە وێنەی ئۆتۆپۆرترێتی ژنوو پیاواندا نمونەی مۆتیفێکی بەنرخ و سەرەکی ڕۆڵی خۆیان لەناو ئەم هونەرەدەبینن ئەگەرچی ئیمڕۆ لەجیهان فۆتۆگراف گەورەترین ڕۆڵی ڕیکلام دەبینێت بەتایبەتیش بۆ ستایلی جل و بەرگی ژنانەو پیاوانە گەلۆلە ڕێگای بەشترین ئامێری مۆدرێنووباشترین روناکی و تاریکی ئەنجام دەدرێن لەلایەن خەڵکانێکی پسپۆر بەم کارەوە بەڵام مخابن ئەم کارە لە ڕۆژ هەڵاتی ناوین ئەم گرینگیەی پێ نەدراوە بە تاییەتیش لەکوردستان بە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵگەکە ئەم هونەرەش گەنگاوی گەورەی بە خۆیەوە نە دیوە ئەوەی کە ئەنجام دەدرێت لە لایەن هێمنی هونەرمەندیش زێدەتر خۆیان لە فۆتۆی پۆرترێتی منداڵو ژنوو پیاو دەدۆزێتەوە بابەتەکانیش ڕاستەو خۆ گرێدراون بە نەهامەتەکانی ئیمڕۆی ژیانی گەلەکەمان واتە بێ کارەبایی و بێ نەوتوو بێ گازیی وکێشەکانی ترواتە بە پێچەوانەی فۆتۆکانی وڵاتانی ئەوروپاو ڕۆژئاواکە زێدەتر جوانی لەشوولاری ژنووپیاوەکانمان پیشان دەدات چگە لەجوانی سروشت وڕیکلامی خواردنوو خواردنەوە ئەمە جگە لەوەی هێندێ جارهێمن لە ڕیگای ڕێشتنی ڕەنگ بۆ سەر رووی وێنەکان جۆرێک لەگۆڕانکاری بەسەر وێنەکان دادەهێنێت لەپێناوی خزمەت کردنی بابەتەکانوو گۆڕانکاری بەسەرناخی بابەتەکان واتە لەمیانەی فۆتۆکانی هێمن وای بۆدەچم کەپێمان بڵێت گەرەکە هونەرمەند چۆنە لە ڕوانگەی ئەم کاریکتێرەوە سەیری کارەهونەری و فۆتۆکانی بکەین. هێمن حەمید لەساڵی حەفتاو چوار لەشاری هەولێر لەدایک بووە کۆلێژی هونەرەجوانەکەنی لەشاری سلێمانی تەواوکردوە ژمارەیەک پێشنگای تایبەتی لەشاری هەولێرو دهۆک و سلێمانی کردۆتەوە لە ڕێکەوتی شەشی مانگی دیسێمبەری ساڵی دووهەزاروحەوت پێشنگایەکی تایبەتی لە وڵاتی فەڕەنسا کردەوەلە هۆلی (لە کامیۆن) کە کۆمەڵێک هونەرمەندو هونەردۆستان ئامادەی بوون ئێستاش بە ڕۆڵی پەروەردەی هونەری هەڵدستێت لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لەشاری هەولێر...

